# بەیاننامەی هاوبەشی حزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان

# سەبارەت بە راپۆرتی بیکەر- هاملتۆن

ئێمە ژمارەیەك لە هێز و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان سەبارەت بە راپۆرتەکەی بیکەر- هاملتۆن کۆبووینەوە کە لیژنەی تۆژینەوە دەربارەی عێراق رۆژی 6-12-2006 پێشکەش بە حکومەتی ئەمریکای کردبوو. دوای گفتوگۆ و تاوتوێکردنی راسپاردەکانی نێو راپۆرتەکە هەلۆیستی روونی خۆمان دەخەینەروو. ئێمە ئەو راسپاردانەی کە تایبەتن بە بارودۆخی کوردستان هەرهەمووی رەتدەکەینەوە، بە تایبەت ئەو راسپاردانەی باس لە جێبەجێنەکردنی ماددەی 140، گێرانەوەی داهاتی کوردستان بۆ نێو داهاتی حکومەتی ناوەندی و دابەشکردنەوەی بە پێی ژمارەی دانیشتووان ، بەهێزکردنی دەستەلاتی ناوەندی دەکات. راپۆرتەکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق خوازیاری رۆلپێدانەوەی دەولەتانی ناوچەکەیە کە ئەمەش بە دژایەتی بەرژەوەندەکانی گەلی کودستان تەواو دەبێ ،بەو هۆیەوە ئێمە لە کاتێکدا زۆر بە توندی نارەزایی خۆمان لەبەرانبەر راپۆرتەکەی بێکەر- هاملتۆن دەردەبڕین و رەتی دەکەینەوە ، لە هەمان کاتدا پشتیوانی لە هەلۆیستەکانی سەرۆکایەتی هەرێم و سەرکۆماری عێراق کە لە پێوەندی بە راپۆرتەکە پێشانیان دابوو، دەکەین. ئێمە دەخوازیە کە تێکرایی کوردستانیان دەنگی نارەزایی بەرز بکەنەوە و گوشارەکانی خۆیان دەکاربکەن، بە یەکهەلۆیستی و یەکریزی نێوانیان راپۆرتەکە لەکاربخەن و رێگە نەدەن کاری پێبکرێ ، نابێ گەرانەوە بۆ دواوە لە فیدرالێ و گێرانەوەی کەرکوك و ناوچە دابراوەکانی دیکە بۆ سەر هەرێمی کوردستان پەسەند بکرێ.

ئێمە داوا لە حکومەتی ئەمریکا دەکەین کە بەرژەوەندیەکانی گەلی کوردستان لەبەرچاو بگرێ و بۆ دیموکراتیزەکردن و عێراقێکی فیدرالێ پێبەندی سۆز و بەلێنەکانی خۆی بێت . داواکارین کە حکومەتی ئەمریکا مامەلەی راست و واقیعی لەگەلْ رەوش و تایبەتمەندێتی کوردستاندا بکات .

ئێمە داوا لە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین کە هاوهەنگی و ئاسانکاری بۆ بەرێوەبردنی رێپێوانێکی هێمنانەی جەماوەری بکەن، هەروەها دەخوازین کە جەماوەری کوردستان لەهەموو شاروشارۆچکەکانی کوردستاندا بەمەبەستی نارەزایی دەربرین و هەلۆیست وەرگرتن، ئامادەکاریی بۆ رێپێوانی بەرفراوان بکەن و بە هەموو شێوەیەك راپۆرتەکە ریسوا بکەن .

**حزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان**

---

1- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

2- حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان

3- بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان

4- یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان

5- پارتی پارێزگارانی دیموکراتی کوردستان

6- پارتی رزگاریی نەتەوەی تورکمان

7- پارتی یەکێتی دیموکراتی کلدانی

8- پارتی دیموکراتی تورکمانی کوردستان

9- کۆمەلەی نیشتمانی تورکمان

10- یەکێتی دیموکراتی کلدانیەکان

11- بەرەی گۆران

1- حزبی رزگاریی کوردستان

2- حزبی دیموکراسیخوازانی کوردستان

3- پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان

4- کۆمەلێك کەسایەتی سەربەخۆ